کۆلێژی یاسا

# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

دووشەممە Tuesday 2017/11/27 - ژمارە (5) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت

# بەخێر بێن بۆ زانکۆی ئیشك





ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و خوێندکارانی تازە، لە بەش و کۆلێژە جیاوازەکانی زانکۆکەمان (زانکۆی ئیشک – هەولێر) وەرگیراون. بەناوی ستافی دیوارنامەی (شایان)ەوە، بەخێرهاتن و پیرۆزبایی گەرم لەو هاورێ و هاوزانکۆ ئازیزەکانمان دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ یەکە بەیەکەیان دەخوازین، بەتایبەتی قوتابییە تازەکانی کۆلێژی یاسا. ئومێدەوارین هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری ئاستی زانستیی زانکۆی ئیشک و بەش و کۆلیژەکەمان، ئەوانیش بەهاوکاریی مامۆستایانی بەڕێز، ناو و پێگەی زانکۆکەمان بەرزتر بکەنەوە و بگەن بە دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ خزمەتکردنی کوردستانی ئازیزمان، لە هەموو بوار و رووێکەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا، بەناوی دیوارنامەی (شایان)ەوە، داوا لە قوتابییە تازەکان بکەین، کە ئەگەر توانای نووسینیان هەیە، با لە دیوارنامەی (شایان) دا بەشداری بکەن و لە هەر بوارێکدا جا (یاسایی، زانستی، رۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری، وەرزشی، زانیاریی گشتی)د بێت، بابەت بنووسن و بینێرن بۆ ئەم دیوارنامەیە تا بۆیان بڵاو بکەینەوە.

دیوارنامەی (شایان) بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە بەشی یاسای زانکۆی ئیشکە و لێرە هەڵدەواسرێت و ئەمەی بەرچاوتان ژمارە (٥)ی ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨یە، ساڵی پار و ئەمساڵیش، کۆمەڵێک مامۆستای بەڕێز و هەروەها کچ و کوڕی قوتابی، بەشدارییەکی باشیان لەم دیوارنامەیەدا کرد، بە هیواین ئەمساڵیش بەردەوام بن و قوتابییە تازەکانیش هاوکارمان بن.

راستە کاتێ دەگەینە قۆناغی زانکۆ، بەداوی زانست و مەعریفەت و زانیاری و بڕوانامەی ئەکادیمی و دوارۆژێکی باشتردا هاتووین، بەڵام گرنگە ئەگەر توانا و بەهرەی نووسین و کاری رۆژنامەوانیمان هەبێ، بتوانین لە زانکۆدا پەرە بەو بەهرە و توانایەمان بدەین، جا بۆ ئەو مەبەستە دیوارنامەی (شایان) شیاوترین شوێنە.

## چالاکییەکانی بەشی یاسا خەرمان بەرەکەت



وەک هەموو ساڵانی رابردووی خوێندن، ئەمساڵیش هەر لە سەرەتای دەسپێکی وەرزی نوێی خوێندنەوە، بەشی یاسای زانکۆی ئیشک، دەستی بە چالاکییە زانستییەکانی خۆی کرد و لە مانگ و نیوی رابردوودا، چەندین چالاکی و وۆرکشۆپی گرنگی تێدا بەڕێوە چوو، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:


- رۆژی ٥-١٠-٢٠١٧ سێیەمین کۆنفرانسی زانستیی کۆلێژی یاسا ( ILIC2018 ) سەبارەت بە (یاسا و زانستە سیاسییەکان و زانستە ئیسلامییەکان) ئەنجام درا.
- رۆژی ١٩-١٠-٢٠١٧ (Work shop)ێک لەلایەن مامۆستا مستەفا رەشید لەسەر (The rank of department) رێک خرا.
- رۆژی ٢٦-١٠-٢٠١٧ سمینارێک لەلایەن د. عەبدولباست کەریم مەولود لەسەر (الاحتياط الالزامي في قانون الشركات العراقي) پێشکەش کرا.
- رۆژی ٢-١١-٢٠١٧ سمینارێک لەلایەن د. حسین بالیسانی لەسەر (القذف وحجيتها فی القانون العقوبات العراقی) پێشکەش کرا.
- رۆژی ٢-١١-٢٠١٧ (work shop)ێک لەلایەن مامۆستا مستەفا بینگۆل لەبارەی (Academic Advising) هاتە پێشکێشکرن.
- شایەنی باسە لەبەر زۆریی چالاکییە زانستییەکانی بەشی یاسای زانکۆی ئیشک لە ساڵی رابردوودا، مامۆستایانی بەشی یاسای زانکۆکە، سوپاسی و پێزانینی بەڕێز سەرۆکی زانکۆیان پێ بەخشرا.

## هیوای سەرکەوتن بۆ راگری نوێ



بۆ ئەمساڵی خوێندن، مامۆستای ئازیز (د. عەدنان عەبدوڵا رەشید) وەکوو راگری نویێ کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، دەستبەکار بوو. بەڕێز د. عەدنان، پێشتر سەرەڕای ئەوەی یەکێک لە مامۆستا زۆر چالاک و دڵسۆزەکانی بەشی یاسا بوو، خەمخۆری چالاکییە زانستی و رۆشنبیرییەکانیش بووە تا ئێستا، هەر بۆیە لە سەرەتای دروستبوونی پرۆژەی (دیوارنامەی شایان)ەوە، بەڕێزیان پشتیوان و هاندەری سەرەکیمان بووە و بەردەوامیشە لەو پشتیوانییە. بۆیە بەناوی سەرنووسەر و هاوکارانی ئەم دیوارنامەیەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لەم ئەرکە تازەیەیدا.

## سەروتار



### عەبەسیەت تا کەی

هیرۆ ئیسماعیل عارف

عەبەسییەت قوتابخانەیەکی ئەدەبیی فکرییە، باس لە بزربوونی ناخی مرۆڤ دەکات کە رەفتارەکانی هیچ مانایەک بە ژیان ناگەیەنێت و بیرکرنەوەشی هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە توانای بینینی شتەکانیان لە شێوە سروشتییەکەی خۆیدا نییە.

مەبەستم لەم پێشەکییە تێکەڵبوون یان تێکەڵکردنی مامەڵە و بیرکردنەوەی رۆژانەی گەنجەکانمانە بە هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە رۆژانە بەهۆی ململانێی سیاسی و فشاری ئابووری و سەربازیی عێراق و قەیرانی دارایی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، دەبینین زۆر لە گەنجەکانمان تووشی ئەو عەبەسیەتە بوون، لەکاتێکدا لەوانەیە خۆشیان نەزانن بۆچی کەوتوونەتە ئەو حاڵەتەوە، رەنگە گەنجان ئەو حاڵەتە بە (یاخیبوون) لەقەڵەم بدەن، بەڵام یاخیبوون تا ئەو کاتە جوانە کە ئامانجی هەبێ.

بە هەرحاڵ، پرسیار ئەوە نییە کە بۆچی تووشی ئەو حاڵەتە بوون، بەڵکوو ئەمەیانە:

عەبەسیەت تا کەی؟

پرسیارێکە بە پێویستی دەزانم رووبەڕووی هەموو گەنجێکی ئەم سەردەمە بکرێتەوە بەوەی کە ئێوە بۆچی خۆتان بزر کردووە؟ بۆ هەست دەکرێت ئەو رەفتارانەی کە رۆژانە دەینوێنن هی خۆتان نییە بەڵکوو بەدوای خۆتاندا دەگەڕێن؟ کوا خەونتان؟ کوا ئارەزوو و ئاواتەکانان؟ تۆ بڵێی هیچ ئامانجێکتان نەبێت؟ ئەگەر وایە، مرۆڤ چۆن بێ ئامانج دەژی! جارێکیان وتەی کەسایەتیەکم خوێندەوە دەڵێت: "مردوو ئەو کەسەیە کە بێ ئامانج بێت".

هەر شتێک لەم ژیانەدا کە بە تاکەوە پەیوەستە، هەر رەوشێک کە ئێمەی تاک رووبەڕووی دەبینەوە، نابێت ببنە هۆکاری خۆ بزرکردنمان، نابێت ببێتە هۆکاری تێکدانی ناخ و دەروونی خۆمان، نابێت ببێتە ئامرازێک بۆ دوورخستنەوەمان لە ئامانجەکان.

گەنجی، قۆناخی هەنگاونانە بەرەو ئامانجە باڵاکانی ژیان، قۆناغی گەیشتنە بە لووتکە لە زۆر بواردا، قۆناغی خۆسەلماندنە، قۆناغی خۆ دۆزینەوەیە نەک خۆدزینەوە!

هیچ کێشە و گرفت و قەیرانێک کۆتایی بە ژیان و چالاکیی فکری و داهێنانی مرۆڤ ناهێنێ، بەپێچەوانەوە زۆر جار مرۆڤ لە تەنگژە و کێشەکاندا، داهێنانی باشتر دەکات، هیچ قەیران و گرفتێک ژیان ناوەستێنێ، ژیانی مرۆڤ تەنیا بە مەرگ دەوەستێت، بۆیە گرنگە تا رۆژی مردن، ئومێدمان هەبێ و هەوڵ بدەین لە ژیاندا جێگەمان هەبێ.



## هەواڵی چاوەڕوانکراو

- بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوون، ماوەیەکە ئامادەکاری بۆ رێکخستنی دادگای گریمانەیی (المحكمة الافتراضية) لەلایەن بەشێک لە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا، بە سەرپەرشتیی د. حسێن بالیسانی دەستی پێکردووە و دواتر بۆ هەموو قوتابیانی بەشی یاسا، نماییش دەکرێت.
- بەپێی چەند زانیارییەکی تریش، ئامادەسازی تەواو بووە بۆ ئەوەی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک وەک یەکەم کۆلێژی یاسا لە هەرێمی کوردستان، متمانەی نێودەوڵەتیی لەلایەن یەکێتیی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی پێ ببەخشرێت.

# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

کۆلێژی یاسا

دووشەممە Tuesday 2017/11/27 - ژمارە (5) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت


# بەخێر بێن بۆ زانکۆی ئیشك





ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و خوێندکارانی تازە، لە بەش و کۆلێژە جیاوازەکانی زانکۆکەمان (زانکۆی ئیشک – هەولێر) وەرگیراون. بەناوی ستافی دیوارنامەی (شایان)ەوە، بەخێرهاتن و پیرۆزبایی گەرم لەو هاورێ و هاوزانکۆ ئازیزەکانمان دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ یەکە بەیەکەیان دەخوازین، بەتایبەتی قوتابییە تازەکانی کۆلێژی یاسا. ئومێدەوارین هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری ئاستی زانستیی زانکۆی ئیشک و بەش و کۆلێژەکەمان، ئەوانیش بەهاوکاریی مامۆستایانی بەرێز، ناو و پێگەی زانکۆکەمان بەرزتر بکەنەوە و بگەن بە دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ خزمەتکردنی کوردستانی ئازیزمان، لە هەموو بوار و رووێکەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا، بەناوی دیوارنامەی (شایان)ەوە، داوا لە قوتابییە تازەکان بکەین، کە ئەگەر توانای نووسینیان هەیە، با لە دیوارنامەی (شایان) دا بەشداری بکەن و لە هەر بوارێکدا جا (یاسایی، زانستی، رۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری، وەرزشی، زانیاریی گشتی)د بێت، بابەت بنووسن و بینێرن بۆ ئەم دیوارنامەیە تا بۆیان بڵاو بکەینەوە.

دیوارنامەی (شایان) بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە بەشی یاسای زانکۆی ئیشکە و لێرە هەڵدەواسرێت و ئەمەی بەرچاوتان ژمارە (٥)ی ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨یە، ساڵی پار و ئەمساڵیش، کۆمەڵێک مامۆستای بەرێز و هەروەها کچ و کوڕی قوتابی، بەشدارییەکی باشیان لەم دیوارنامەیەدا کرد، بە هیوایین ئەمساڵیش بەردەوام بن و قوتابییە تازەکانیش هاوکارمان بن.

راستە کاتێ دەگەینە قۆناغی زانکۆ، بەدوای زانست و مەعریفەت و زانیاری و بڕانامەی ئەکادیمی و دوارۆژێکی باشتردا هاتووین، بەڵام گرنگە ئەگەر توانا و بەهرەی نووسین و کاری رۆژنامەوانیمان هەبێ، بتوانین لە زانکۆدا پەرە بەو بەهرە و توانایەمان بدەین، جا بۆ ئەو مەبەستە دیوارنامەی (شایان) شیاوترین شوێنە.

## چالاکییەکانی بەشی یاسا خەرمان بەرەکەت




وەک هەموو ساڵانی رابردووی خوێندن، ئەمساڵیش هەر لە سەرەتای دەسپێکی وەرزی نوێی خوێندنەوە، بەشی یاسای زانکۆی ئیشک، دەستی بە چالاکییە زانستییەکانی خۆی کرد و لە مانگ و نیوی رابردوودا، چەندین چالاکی و وۆرکشۆپی گرنگی تێدا بەڕێوە چوو، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

– رۆژی ٥-١٠-٢٠١٧ سێیەمین کۆنفرانسی زانستیی کۆلێژی یاسا ( ILIC2018 ) سەبارەت بە (یاسا و زانستە سیاسییەکان و زانستە ئیسلامییەکان) ئەنجام درا.

– رۆژی ١٩-١٠-٢٠١٧ (Work shop)ێک لەلایەن مامۆستا مستەفا رەشید لەسەر (The rank of department) رێک خرا.

– رۆژی ٢٦-١٠-٢٠١٧ سمینارێک لەلایەن د. عەبدولباست کەریم مەولود لەسەر (الاحتیاط الالزامي في قانون الشركات العراقي) پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢-١١-٢٠١٧ سمینارێک لەلایەن د. حسین بالیسانی لەسەر (القذف وحجیتها فی القانون العقوبات العراقی) پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢-١١-٢٠١٧ (work shop)ێک لەلایەن مامۆستا مستەفا بینگۆل لەبارەی (Academic Advising) هاتە پێشکێشکرن.


– شایەنی باسە لەبەر زۆریی چالاکییە زانستییەکانی بەشی یاسای زانکۆی ئیشک لە ساڵی رابردوودا، مامۆستایانی بەشی یاسای زانکۆکە، سوپاسی و پێزانینی بەرێز سەرۆکی زانکۆیان پێ بەخشرا.

## هیوای سەرکەوتن بۆ راگری نوێ



بۆ ئەمساڵی خوێندن، مامۆستای ئازیز (د. عەدنان عەبدوڵا رەشید) وەکوو راگری نوێی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، دەستبەکار بوو. بەرێز د. عەدنان، پێشتر سەرەڕای ئەوەی یەکێک لە مامۆستا زۆر چالاک و دڵسۆزەکانی بەشی یاسا بوو، خەمخۆری چالاکییە زانستی و رۆشنبیرییەکانیش بووە تا ئێستا، هەر بۆیە لە سەرەتای دروستبوونی پرۆژەی (دیوارنامەی شایان)ەوە، بەرێزیان پشتیوان و هاندەری سەرەکیمان بووە و بەردەوامیشە لەو پشتیوانییە. بۆیە بەناوی سەرنووسەر و هاوکارانی ئەم دیوارنامەیەوە، پیرۆزبایی لە بەرێزیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لەم ئەرکە تازەیەیدا.

## سەروتار



### عەبەسیەت تا کەی

هیرۆ ئیسماعیل عارف

عەبەسییەت قوتابخانەیەکی ئەدەبیی فکرییە، باس لە بزربوونی ناخی مرۆڤ دەکات کە رەفتارەکانی هیچ مانایەک بە ژیان ناگەیەنێت و بیرکرنەوەشی هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە توانای بینینی شتەکانیان لە شێوە سروشتییەکەی خۆیدا نییە.

مەبەستم لەم پێشەکییە تێکەڵبوون یان تێکەڵکردنی مامەڵە و بیرکردنەوەی رۆژانەی گەنجەکانمانە بە هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە رۆژانە بەهۆی ململانێی سیاسی و فشاری ئابووری و سەربازیی عێراق و قەیرانی دارایی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، دەبینین زۆر لە گەنجەکانمان تووشی ئەو عەبەسیەتە بوون، لەکاتێکدا لەوانەیە خۆشیان نەزانن بۆچی کەوتوونەتە ئەو حاڵەتەوە، رەنگە گەنجان ئەو حاڵەتە بە (یاخیبوون) لەقەڵەم بدەن، بەڵام یاخیبوون تا ئەو کاتە جوانە کە ئامانجی هەبێ.

بە هەرحاڵ، پرسیار ئەوە نییە کە بۆچی تووشی ئەو حاڵەتە بوون، بەڵکوو ئەمەیانە:

عەبەسیەت تا کەی؟

پرسیارێکە بە پێویستی دەزانم رووبەڕووی هەموو گەنجێکی ئەم سەردەمە بکرێتەوە بەوەی کە ئێوە بۆچی خۆتان بزر کردووە؟ بۆ هەست دەکرێت ئەو رەفتارانەی کە رۆژانە دەینوێنن هی خۆتان نییە بەڵکوو بەدوای خۆتاندا دەگەڕێن؟ کوا خەونتان؟ کوا ئارەزوو و ئاواتەکانتان؟ تۆ بڵێی هیچ ئامانجێکتان نەبێت؟ ئەگەر وایە، مرۆڤ چۆن بێ ئامانج دەژی! جارێکیان وتەی کەسایەتیەکم خوێندەوە دەڵێت: "مردوو ئەو کەسەیە کە بێ ئامانج بێت".

هەر شتێک لەم ژیانەدا کە بە تاکەوە پەیوەستە، هەر رەوشێک کە ئێمەی تاک رووبەڕووی دەبینەوە، نابێت ببنە هۆکاری خۆ بزرکردنمان، نابێت ببێتە هۆکاری تێکدانی ناخ و دەروونی خۆمان، نابێت ببێتە ئامرازێک بۆ دوورخستنەوەمان لە ئامانجەکان.

گەنجی، قۆناخی هەنگاونانە بەرەو ئامانجە باڵاکانی ژیان، قۆناغی گەیشتنە بە لووتکە لە زۆر بواردا، قۆناغی خۆسەلماندنە، قۆناغی خۆ دۆزینەوەیە نەک خۆدزینەوە!

هیچ کێشە و گرفت و قەیرانێک کۆتایی بە ژیان و چالاکیی فکری و داهێنانی مرۆڤ ناهێنێ، بەپێچەوانەوە زۆر جار مرۆڤ لە تەنگژە و کێشەکاندا، داهێنانی باشتر دەکات، هیچ قەیران و گرفتێک ژیان ناوەستێنێ، ژیانی مرۆڤ تەنیا بە مەرگ دەوەستێت، بۆیە گرنگە تا رۆژی مردن، ئومێدمان هەبێ و هەوڵ بدەین لە ژیاندا جێگەمان هەبێ.



## هەواڵی چاوەڕوانکراو

– بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوون، ماوەیەکە ئامادەکاری بۆ رێکخستنی دادگای گریمانەیی (المحکمة الافتراضیة) لەلایەن بەشێک لە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا، بە سەرپەرشتیی د. حسێن بالیسانی دەستی پێکردووە و دواتر بۆ هەموو قوتابیانی بەشی یاسا، نمایش دەکرێت.

– بەپێی چەند زانیارییەکی تریش، ئامادەسازی تەواو بووە بۆ ئەوەی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک وەک یەکەم کۆلێژی یاسا لە هەرێمی کوردستان، متمانەی نێودەوڵەتیی لەلایەن یەکێتیی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی پێ ببەخشرێت.



# ژێرلامەری، پەرلەمان و سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەورامییەکان

## لەجیاتی کارتی دەنگدان میوەیان بەکار دەهێنا

وشەی (ژێرلا) یان (ژێرلامەری) لە زاراوەی هەورامیدا بە مانای ئەو کەسانەیە کە ژیر و زانا و خاوەن کەسایەتیی بەرزی کۆمەڵایەتین و لە شوێنێکدا کە زۆر جار گۆڕەپانی ناوەندی شار بووە، لە پرۆسەیەکی ئازاد و کەشوهەوایەکی دیموکراسییانەدا وەک ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک (پەرلەمانی بچووکرکراوە) هەڵدەبژێردران و ئەو کەسانەش پاشان کەسێکیان وەک سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی دەڤەر هەڵدەبژارد، تەمەنی ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر.

ژێرلامەرە لە دوو وشەی (ژیر) و (مەرە) دروست بووە کە (ژیر) ماناکەی دیارە و مەبەست لێی کەسی ژیر و عاقڵە. (مەرە)ش بە مانای شوێنێک دێ کە تێیدا کەسێک هەڵدەبژێرن و قۆناخەکانی هەڵبژاردن تێیدا بەڕێوە دەچێت.

لە هەموو شوێنێکی هەورامان شوێنێک بەناوی (ژێرلامەری) هەبووە و لەو شوێنەدا خەڵک لە پرۆسەیەکی ئازاددا دەنگیان داوە. ئەوەی گرنگە لەو هەڵبژاردنەدا تەنیا ژیری و کەسایەتی و زانایی و دڵسۆزیان بۆ خاک و نیشتمان لەبەرچاو گرتووە و گوێیان بە ڕەگەز نەداوە و ژنانیش بۆیان هەبووە خۆیان هەڵبژێرن، بۆ نموونە یەکێک لەو ژنانە کە بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوە، کەسێک بووە بەناوی (ئەدا خەنانی) کە بە مانای (دایکی دەم بەخەندە)یە و ئەمەش بەڵگەیەکە کە لە دێرزەمانەوە ژن لە کوردستان خاوەن چ پێگەیەک بووە.

بەر لە هەڵبژاردن توانای تەندروستی و جەستەیی ژن و پیاوانیش تاقی دەکرایەوە. ئەو کەسەی دەبوو بە (ژێرلا) بۆ ماوەی ٤ ساڵ دیاری دەکرا و دواتر بۆی هەبوو خۆی کاندید بکاتەوە بۆ خولێکی تر. ژێرلا ئەرکی سەرۆکێکی دەکەوتە سەر شان و زۆرترین ئەرک و فەرمانەکانی کۆمەڵگە لەسەر بڕیارەکانی ئەو بوو، لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا دیاریکردنی سنوور و زەوی و دابەشکردنی ئاو و یارمەتیی خەڵکی هەژار و نەدار و بەخێوکردنی منداڵانی هەتیو. هەر وەختیش ئەگەر هەڕەشەیەک لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ژێرلا دروست بوایە یان دوژمن هێرشی بکردایەتە سەر ئەو ناوچەیە، گەنج و پیاوانی ئەو شوێنە کۆ دەبوونەوە و فەرمانی شەڕکردن یان هەر بڕیارێکی تریان لە ژێرلاوە وەردەگرت.

شێوازی هەڵبژاردنی ژێرلا زۆر ڕەسەن و کوردانە بووە، چونکە لەو سەردەمەدا کارتی دەنگدان و خوێندن و نووسین نەبووە، بۆیە هەورامییەکان چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستە بۆ هەڵبژاردنەکانیان لەجیاتی کارتی دەنگدان و شێوازە مۆدێرەکانی ئەمڕۆ لە هەڵبژاردن، میوەیان بەکارهێناوە. لەناو چەند سەوەتەی گەورەدا بە ئەندازەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ ژێرلا هەڵدەبژارد میوەیان دەهێنا، بۆ نموونە ئەگەر دوو کەس خۆیان هەڵدەبژارد، دوو جۆر میوەی وەک هەڵووژە و توویان دەهێنا و هەر کامەیان هێمای کەسێک بوو. لە ئەنجامدا سەوەتەی دەنگەکانیان کۆ دەکردەوە و هەر کام لەو میوانە زیاتر بوایە، ئاشکرا دەبوو کێ زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ کەسی هەڵبژێردراو دەبووە ژێرلای هەورامان.

پاش هەموو هەڵبژاردنێکیش خەڵکی ئەو شوێنە جەژنێکی گەورەیان دەگرت و بە هەڵپەڕکێ و شایی و خواردنی کوردەواری پیرۆزباییان لە ژێرلای نوێ دەکرد.

# تاوانێکی گوماناوی لێکۆڵەرێکی بەهرەمەند



جوامێر سەرباز
قۆناغی چواری بەشی یاسا

دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر ونبوونی کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵان، بنکەیەکی پۆلیس ئاگادار کرانەوە بە بوونی تەرمی کچێک لە کۆگای کارگەیەک. دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان، بۆیان دەرکەوت هەمان ئەو کچەیە کە پێشی پێنج ڕۆژ لە ونبوونی ئاگەدار کرانەوە.

دوای هەواڵدانی باوکی کچەکە بە دۆزینەوەی تەرمی کچەکەیان بەکوژراوی، باوکەکە دەگاتە شوێنی تەرمی کچەکەی، دوای بینینی تەرمەکە، بۆی دەردەکەوێت کە کچەکەیەتی.

دواتر لێکۆڵینەوەی چڕ لەلایەن لێکۆڵەرێکەوە دەست پێ دەکات، سەرەتا لێکۆڵەرەکە گوتەی دایک و باوکی کچە کوژراوەکە وەردەگرێت و هیچ شتێکی وای دەست ناکەوێت کە ببێتە هۆی کردنەوەی گرێ شاراوەکان. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی دادگا بە پشکنینی ژووری کچە کوژراوەکە، جگە لە ١٠ حەبی ترامادۆڵ و چوار ژمارەی مۆبایلی تر هیچی دەست نەکەوت. دوای لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی بەدەستهێنانی حەبەکان و هۆکاری هەبوونی ژمارەکانی تر، بۆی دەرکەوت کە کچە کوژراوەکە مادەی هۆشبەری بەکار هێناوە و چەند جارێکیش کڕیویەتی لە گرووپێکی مافیا کە لە چەندین دۆسیەی تردا ناویان هاتووە.

دواتر لەڕێی پشکنین و بەدواداچوونی وردەوە، ئەو کەسەی دەستنیشان کرد کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەنجام داوە بۆ دابینکردنی حەبەکان، کە بە یەکێک لە چوار سیمکارتەکەی تر پەیوەندییەکە ئەنجام درابوو. دوای تێپەڕبوونی ١٢ ڕۆژ بەسەر دۆزینەوەی تەرمەکە، ئەو ژمارەیەی پەیوەندیی لەگەڵ کچەکە ئەنجام دابوو، کەوتەوە کار و لە هەمان کاتدا لێکۆڵەرەکە پەیوەندیی بە ژمارەکەوە کرد، بەڵام کچێک وەڵامی دایەوە! لێکۆڵەرەکە ڕاستەوخۆ داوای مادەی هۆشبەری کرد، کچەکەش بێ ئاگا لەوەی چاودێری دەکرێت، دوای تێپەڕبوونی پێنج خولەک، ڕێک کەوتن لەسەر جۆر و نرخ و شوێنی ڕادەستکردن. لێکۆڵەرەکە گومانی لەو شێوە ڕادەستکردنە کرد کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن ئەو کچەوە، بەڵام خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کرد و چووە شوێنی ڕادەستکردنەکە، دوای وەرگرتنی مادە هۆشبەرەکان و ڕادەستکردنی بڕی پارەکە، لە هەمان ڕێگا گەڕایەوە. دوای ڕۆیشتنی کچەکە، ١٠ کەس دەوریان لێ گرت و داوای پارە و مادە هۆشبەرەکە و هەموو شتێکی بەنرخیان کرد کە لای بێت، بێ بەرگریکردن ڕادەستی کردن و بەجێیان هێشت. لەو شوێنەی ڕێگەی پێ گیرا خوێنی بینی!

دوای لێکۆڵینەوە لەسەر خوێنەکە، بۆی دەرکەوت زیاتر لە ١٠ کەس لەو شوێنە کوژراون، دوای دووبارەکردنەوەی کڕینی مادە هۆشبەرەکە، دووبارە ڕێگەیان پێ گرت، بەڵام ئەمجارە دەستگیر کران. دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، بۆی دەرکەوت ئەو کچە مافیایە ئەم گرووپەی داناوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە تاوانێکی بۆ ئەنجام بدەن، لەوانەش (کوشتن و ڕفاندن و دزی و دەستدرێژی و چەندین تاوانی تر)، یەکێک لەو کەسانەی گیرا، دانی بە کوشتنی کچە ٢٠ ساڵانەکەدا نا.

# چۆن ڕێکخراوێك دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە؟



د. عەدنان عەبدوڵڵا

–ئایا لەسەر چ بنەمایەک کەسێک یان گرووپێک، یان باندێک، یا خود ڕێکخراوێک دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە؟

– چ جیاوازییەک لەنێوان دانانی ناوی کەسێک یان ڕێکخراوێک لەلایەن ئەمەریکا , یان ئەوروپا , یاخود ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییدا هەیە؟

– تا چەند هۆکارە سیاسیەکان بەسەر هۆکارە یاساییەکاندا زاڵن بۆ ئەوەی ناوی کەسێک یان ڕێکخراوێک یان گرووپێک بخرێتە ناو لیستی تیرۆرەوە؟

ئەم چەند پرسیارەمان، ئاراستەی د. عەدنان عەبدوڵا ڕەشید ڕاگری کۆلیژی یاسای زانکۆ ئیشک و پسپۆڕی ...... کرد، بە سوپاسەوە بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی داینەوە و بابەتەکەی روون کردەوە:

هەر وڵاتێک کە بزانێت کەسێک یان ڕێکخراوێک دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی، دەتوانێت ئەو کەسە یان ئەو ڕێکخراوە بخاتە لیستی تیرۆرەوە، ئەویش بەپێی یاسایەک کە پێشتر دەری کردووە. بۆ نموونە، ئەمەریکا کاتێک ناوی کەسێک یان ڕێکخراوێک دەخاتە لیستی تیرۆرەوە، مەبەست لێی پاراستنی وڵاتەکەیەتی لە هەر کردەوەیەکی تیرۆرستی، بەڵام ئەو هەنگاوەی ئەمریکا تەنیا بۆ چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆی دەخوات و هیچ پەیوەندیی بە وڵاتانی دیکەوە نییە، واتا ئەمەریکا ناتوانێت پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە وڵاتانی دیکەش بە هەمان شێوەی ئەمەریکا ئەو کەسە یان ئەو ڕێکخراوە بخەنە لیستی تیرۆرەوە، ئەمەش نەک تەنیا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵکوو بە هەمان شێوە بۆ هەموو وڵاتان وەکوو یەکە، واتا حکوومەتی هەر وڵاتێک ئازادە کە کێ، یان چ لایەنێک دەخاتە لیستی تیرۆرەوە.

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی چۆنیەتیی تۆمارکردنی ڕێکخراوێک وەکوو تیرۆریست لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا پرۆسەکە بەم شێویەیە:

بەپێی مادده (٢١٩) لە یاسای (کۆچ و ڕەگەزنامە):

١- دەبێ ڕێکخراوەکە بێگانە بێت.

٢- ڕێکخراوەکە لە چالاکیی تیرۆریستی‌یەوە گلابێت.

٣- چالاکییە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکە هەڕەشە بن لەسەر ئاسایشی هاووڵاتیانی ئەمریکی، یان هەڕەشە بن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

لەڕووی کردارییشەوە، چەند هەنگاوێک هەیە بۆ تەواوکردنی تۆمارکردنەکە بەم شێوەیە:

نووسینگەی قەڵاچۆکردنی تیرۆری سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەست بە چاودێریی ئەو ڕیکخراوانە دەکات کە گومانیان لەسەرە و چاوەڕوان دەکرێت کرداری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، جا ئەو ڕێکخراوانە لە هەر شوێنێکی جیهان بن، پاشان ئەم نووسینگەیە دۆسێیەک دروست دەکات لەسەر ڕێکخراوەکە و هەموو زانیارییەکان لەخۆ دەگرێت کەوا ئەم نووسینگەیە کۆی کردووەتەوە و دەیخاتە بەردەم وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.

دواتر وەزیری دەرەوە بە ڕاوێژ لەگەڵ داواکاری گشتی و وەزیری دارایی، بڕیار دەدەن بە پۆلینکردنی ڕێکخراوەکە وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، ئنجا ئەم هەنگاوە بە کۆنگریس ڕادەگینرێت کەوا وەزارەتی دەرەوە بەنیازە ئەم ڕێکخراوە بخاتە لیستی تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کۆنگریسیش ماوەی حەوت ڕۆژی لەبەردەستدایە تا ئەگەر ڕازی نەبوو هەڵی بوەشێنێتەوە وبە تێپەڕبوونی ماوەکە بێ ڕەتکردنەوەی لەلایەن کۆنگرێسەوە، بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم، جیاوازی نییە لەنێوان وڵاتاندا و وەکوو پێشتر ئامـاژەم پێ دا، هەر وڵاتێک ئازادە بۆ دانانی ناوی کەسێک یان ڕێکخراوێک لە لیستی تیرۆردا، بەڵام سەبارەت بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بڕیارەکەی مولزەم دەبێت بەسەر هەموو وڵاتان جیهاندا؛ بۆیە بڕیارێکی وەها سەبارەت بە تیرۆر ناساندنی کەسێک یان ڕێکخراوێک لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە هێندەی بڕیاری وڵاتان بۆ بەرژەوەندیی ناوخۆیی خۆیان ئاسان نییە.

لە نوێترین هەنگاوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی نێوان وڵاتان لەسەر ئەم بابەتە، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ٧١\٢٩١ لە ٢٠١٧\٦\١٥ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ لەناوبردنی تیرۆر دامەزراند.

سەبارەت بەوەی کە هۆکارە سیاسییەکان تا چەند بەسەر هۆکارە یاساییەکاندا زاڵن؟ بێ گومان ئەوە ڕاستییەکە و نکۆڵیی لێ ناکرێت، زۆرینەی بڕیارەکان کە بۆ ناساندنی کەسێک یان ڕێکخراوێک بە تیرۆرست دەدرێت، بڕیاری سیاسین. لێرەدا نموونەیەکی دیار دەهێنمەوە کە ئاشکرای دەکات بڕیارەکان سیاسین نەک یاسایی، ئەویش بڕیاری دادگاییکردنی عومەر حەسەن بەشیری سەرۆکی سودان کە تاوانبارە بە کۆمەڵکوژیی هەرێمی دارفۆر، بەڵام تا ئێستاش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوە و بە ئارەزوی خۆی سەردانی هەموو وڵاتە عەرەبی و ئەفریقییەکان و هەروەها ئێرانیش دەکات.



سەپەرشتیار: سەرۆکایەتیی بەشی یاسا

Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

شایان

# سەیرترین حوکمی دادوەران لە جیهاندا



دادوەران کاتی حوکمی تاوانباران دەدەن، کار بۆ جێبەجێکردنی یاسا دەکەن، ئەوەش بە ئامانجی وەدیهێنانی تەناهی و دادپەروەری لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵام هەندێ جار دادوەران دۆسیەی زۆر سەیریان دەچێتە پێش، بۆیە ئەو جۆرە دۆسیانە وا دەخوازێ ددوەران ئیجتیهادی خۆیان بەکار بهێنن تا حوکمێک بدەن یاسایی بێت، دیوارنامەی (شایان) لەمەودوا، هەر ژمارەیەک یەکێک لەو حوکمە سەیر و کۆمیدییانە بڵاو دەکاتەوە:

دوو تاوانباری ئەمریکی بە ناوەکانی (جیسۆن هاوس هۆڵدەر\ ٢٣ ساڵ) و (جۆن ستوکام\٢١ ساڵ) بە تۆمەتی ئەوەی بەسەرخۆشی بتڵی بەتاڵی خواردنەوەی کحولییان فڕێ داوەتە نێو ئۆتۆمبێلی خانمێکی شۆفێرەوە، لە شاری کۆشیکتۆنی ویلایەتی ئۆهایۆ برانە بەردەم دادوەر و دانیان بە تاوانەکەیاندا نا.

دادوەر (دیڤید هۆستیلتەر) لەپای ئەو تاوانەی ئەو دوو پیاوە، بڕیاری دا هەریەکەیان یان بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ زیندانی بکرێن، یاخود بۆ ماوەی سەعاتێک بە جلوبەرگی ژنانەو و باڕۆکەی قژی ئافرەتان لەسەر بکەن و ماکیاجێکی تۆخ و سووراو و سپیاو بکەن و بەنێو شەقامە قەرەباڵغەکانی سەنتەری ئەو شارەدا بڕۆن، ئەمەش بۆ ئەوەی فێر بن کە چۆن لەوەودوا ڕێز لە خانمان بگرن، ئەوەبوو هەردوو تاوانبارەکە سزای دووەمیان هەڵبژارد و ئەوەشیان کرد کە دادوەر پێی گوتن.

## نوکتەی قانوونی



### دزی سەرخۆش

دادوەر لە تاوانبار دەپرسێت: بۆچی لە دوای نیوەشەودا خۆت کرد بەوماڵەدا؟

تاوانبار: ئاخر سەرخۆش بووم وام دەزانی ماڵی خۆمانە!

دادوەر: ئەدی بۆچی کە ژنی ماڵەکە هاتووەتە ژوورەکەوە خۆت کردووەتە ژێر مێزەکەوە؟

تاوانبار: ئاخر قوربان وام ئەزانی ژنەکەی خۆمە!

### پیاوی مەرد!

دادوەر: لە دزییەکانتدا کەست لەگەڵ بوو، کەس هاوکارت بوو؟

تاوانبار: نەخێر!

دادوەر: بۆچی هەر بەتەنیا دزییت دەکرد و کەست لەگەڵ نەبوو؟

تاوانبار: قوربان پشت بەخۆ بەستن کاری پیاوی ئازا و مەردە!

### هاوسەرگیریی دزان

پیاوێکی دز هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکدا کرد ژنەکەش هەر دزیی دەکرد، کاتێ ژنەکە ژانی منداڵبوون گرتی و بردیانە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵێکی بوو، هەموو پەرستارەکانی نەخۆشخانە تووشی شۆک بوون کاتێ بینیان منداڵە دەستێکی توند داخستووە و بە هیچ نایکاتەوە، کاتێ بردیان لای پزیشکی تایبەتمەند و پزیشکەکە دەستی منداڵەکەی کردەوە، بینیان ئەنگوستیلەی یەکێک لە پەرستارەکان لە مستی منداڵەکەدایە!


## وتە جوانەکانی ژیان

- قەت لەوە نەترسیت کە دەنگ بەرز کەیتەوە بۆ گوتنی ڕاستی و وەستانەوە لە دژی ستەم و درۆ و چاوچنۆکی، ئاخر ئەگەر هەموو کەس وا بکات، هەموو دنیا بەرەو باشی دەگۆڕێت.
- زۆربەی کەسەکان، زۆربەی کاتەکانیان بە دوورکەوتنەوە لە کێشە و گرفتەکان بەسەر دەبەن، نەک بە چارەسەرکردنیان.
- زمانت، تاوانبارێکە لەپشت ددانەکانتەوە خستووتەتە زیندانەوە، ئەگەر لە کاتی تووڕەبوونتدا بەرەڵات کرد، ئەوە بێ گومان دەتخاتە زیندانی پەشیمانییەوە و دەبێ چاوەڕێی حوکمی ویژدان بیت.
- لەدەستدانی کێش و چەوریی لەش، باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی تێ بگەیت هەندێ خەسارەت و لەدەستچوون، قازانجە.
- یەکێک لە هەڵە گەورەکانی مرۆڤەکانی دەوروبەرت ئەوەیە کە تەنیا بە هەڵوێستێک کە ئێستا نواندووتە و بەدڵی ئەوان نییە، هەموو مێژووە جوانەکەت دەسڕنەوە، ئەمەش کارەساتە.




## لەبارەی پیشەی پارێزەرەوە چی دەڵێن؟

- پارێزەر لە کەشێکی ئازاددا دەژی بەبێ ئەوەی ببێتە بارگرانی بەسەر دەوڵەتەوە، خۆی بۆ هەموو ئەوانە تەرخان دەکات کە پەنای بۆ دەهێنن بەبێ ئەوەی ببێتە کۆیلەیەکی زەلیل بەدەست هیچ کەسێکەوە دوبیان – نەقیبی پێشووی پارێزەرانی فەرەنسا.
- پارێزەران دڵی هەمیشە چالاکی کۆمەڵگە و دەنگە دلێرەکەین (دوبیان).
- من (ڕاستی و سەری خۆم)تان پێشکەش دەکەم، دەتوانن دوای ئەوەی گوێتان لە بەرامبەرەکەم گرت، ئیتر بڕیاری خۆتان بدەن و یەکێکیان لەناو بەرن پارێزەری فەرەنسی (بریێ) ئەم قسەیەی بە دەنگی بەرز ڕووبەرووی دادگای شۆڕشی فەرەنسا کرد.




## لەبارەی یاساوە چی دەڵێن؟



- لەو شوێنەدا کە یاسا کۆتایی پێ دێ، ئیتر خوێنڕێژی و زۆرداری دەست پێ دەکات... بۆبلیسلیۆس سیرۆس
- ئازادی ئەوەیە کە ئەو کارە بکەیت کە یاسا ڕێگەت پێ دەدات... ڤۆڵتێر
- ئەوەی پاشا دەیەوێ، قانوونیش هەر ئەوەی دەوێ.. پەندێکی ڕووسی
- ناتوانین سۆز و عاتیفە بەپێی قانوون دروست بکەین یان ڕێکی بخەین... گاندی
- هەر کاتێ قانوون لە واقیع نزیک بووەوە جێگیر نابێ، چەندی لە جێگیرییش نزیک بووەوە زیاتر ناواقیعی دەبێ... زجون هۆبس
- ڕەنگە مرۆڤی شەڕانگێز لە سزای یاسا دەرباز ببێت، بەڵام هەرگیز لە سزای ویژدان ڕزگاری نابێ... پەندێکی دانیمارکی
- ئەو یاسایانەی دەمەکان دادەخەن و قەڵەمەکان دەشکێنن، بەدڵنیاییەوە خۆیان خۆیان دەڕووخێنن.. بوزانیاس
- گەلان ئەو کاتە بەهێز دەبن کاتێ لە وڵاتەکەیاندا یاسا هێزی هەبێت.. پەندێکی عەرەبی

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێك دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێك لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت

shayannewspaper@gmail.com